# لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزرکاندن!؟

زنجیرەی دەفتەری کوردەواری

« ١ »

زنجیرەی دەفتەری

کوردەواری

« ۱ »

هەواڵنامەی کتێب

له کتێبخانەی نیشتمانی‌دا ژمارە
(٨٧٦)ی ساڵی ١٩٧٨ دراوەتێ

عومەر مەعرووف بەرزنجی

# لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزرکاندن!؟

باسێکی ڕەخنەیی‌یە لەسەر

کتێبەکەی (چیرۆکی هونەریی کوردی

١٩٢٥-١٩٦٠ ) ی حوسین عارف

هەواڵنامەی کتێب

بە ڕەزامەنـدی وەزارەتی ڕاگەیاندن ، بەپێی
بڕیاری ژمارە (٧٧)ی ڕۆژی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٨دا ،
لەچاپ دراوە ٠

هەموو بیرکردنەوەو تێ هەڵچوونێك بە مەبەستی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیێکی ئەدەبی گونجاو ، پێویستی بە بەرنامەو نەخشەیێکی دیاری کراوە ، تاکو بە پێی هێڵەکانی ئەو پرۆگرامەو قیبلەنمای تایبەتی نووسەرەوە بتوانرێ کە لەسەر بنەڕەتێکی زانستی یانەی دروستو بۆچوونێکی مەوزوعی یانەوە دوور لەو بابەتانە بکرێ کە دەخرێنەبەرتیشکی لێکۆڵینەوەو سەرنجدانێکی گشت لایی یەوە ، بەو پێ یەش دیواری بینای ئەو مەسەلە گرنگانە هەڵبچنرێ کە بۆ کارێکی ئەدەبی نەك پێویستی یێك خۆیان دەسەپێنن ، سەرەڕای ئەمەیش شارەزایی و پلەیێکی خەستی ڕۆشنبیرێتی لەو مەیانەداو هەڵوێستی ڕۆژانەی ئەدیب لە مەرجەکانی تری هەڵگرانی ئەم کارەن ، جاگەر بمانەوێ لەم ڕوانگەیەوە چاوێك بگێڕین بەناو ئەو (١٨٠) لاپەڕەیەی کە ماوەیەك لەمەوبەر کاك حوسین عارف بە ناوی ( چیرۆکی هونەریی

کوردی )بەوە بڵاوی کردەوەو هەنــدێ لە بیروراو ڕێبازی کارەکەی تاوتووبکەین‌و بە پێوانەی باسێکی خزمــەتگوزاری بــە پێزەوە بیخەینە تــەرازووی هەڵســەنگاندنێکی هاوچــەرخانەوە ٠٠٠ بەزوویــی جەمسەری ئەو ڕاستــی‌یە ئەگرین کە نووســـــەر سیفەتە دیاری‌یەکانی لێکۆڵـــەرەوەی ئــەدەبی پێ نابەخشرێ‌و نەی‌توانیوە ڕەنگی باسێکی بەبڕشت‌و سەرکەوتوو بڕێژێ‌و خزاوەتە لاری‌ێیکی تەنگەبەری ئەوتۆوە کە لەم مەیانەدا نامۆیی خۆی دەرئەخـــات ٠٠٠هەرچەندە سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی نووسەر لەل کارەدا دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠) کـــە لەوکاتەدا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (بڵێسە) دوو زنجیرەی خستە بەردەست خوێندەواران کە پڕبوون لە هەڵەو ناتەواوی(١) ، واتا ماوەی (١٧) ســـاڵ تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە خولیای کاك حسین بووە ، کەچی لــەباتی باسێکی مــەوزوعی‌و زانستی‌یانە هاتووە لەســـەر شێوەی ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژانــــەی ڕۆژنامەگەرێتی گرێی لێکۆڵینەوەکەی کردووەتەوەو نەی‌توانیوە کە دەستی خوێندەوارانی کورد بگرێت بۆ تێگەیشتن‌و دەستگیربوونی زانیاری‌یێکی تەواو لـــە بـــارەی مێژووی چـــیرۆکی کـــــــوردی‌و قۆناغەکانی‌یەوە ، بەبێ قووڵبوونەوەو دەرخستنی

ڕووی هونەری‌و ڕۆچوون بە ناخی مەبەستەکاندا چەندەها چیرۆکی داوەتە دەم یەکو بەدەستەواژەیەك خۆی لێ‌قوتارکردوون ٠ بۆ ئەوەیش کە ئەم جۆرەکارانە پەیوەندی‌یێکی ڕاستەوخۆیان بە مێژووی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی نەتەوایەتیمانەوە هەیەو نەیش بێتە چقڵی ڕێگای ڕاستی ، لەلایێکی ترەوە هەڵەو ناتەواوی‌یەکانی نووسەرو تەنانەت گزی‌کردنی لە مێژووی چیرۆکی کوردی‌و ڕێچکە نازانستی‌یەکەی بەسەر خوێندەواراندا تێنەپەڕێت ٠٠٠بە کارێکی لەباری ئەزانم کە بەپێی مەودای ووتاریك شەن‌وکەوێکی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە بکەم کە وەك کارێکی بازرگانی‌دێتەبەرچاو ٠نووسەر لەبەشی یەکەمی باسەکەی‌دا کە ناوی ناوە (سەرەتاو سەرهەڵدان ١٩٢٥_١٩٣٩)چەند نووسەرێکی دەستنیشان کردووەو بۆ هەر یەکەیشیان کۆمەڵە بیروڕاییکی ڕاگوزارانەی دەربڕیوە ، ئەوەی لەسەرەتایشدا جێی تێڕامان‌و بیرکردنەوەیە کە نووسەر نەی توانیوە سەرەتایێکی بەجێمان بداتێ دەربارەی چووزەرەو سەرهەڵدانی ئەم هونەرە ، لەو باروهەل‌ومەرجانە نەدواوە کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی چیرۆکی هونەری کوردی ، یەکسەر

چیرۆکی (لەخەوما)ی وەك دەسکەلایێك بەدەستەوە گرتووەو چەند ڕاییێکی یەکلایەنی لەسەر دەربڕیوەبێ ئەوەی هەوڵو کۆششی نووسەرانی پێش ئەوکاتە شی بکاتەوەو کارەکانیان وەك هاندانێکی ئەم هونەرە بەدی بکرێتو بزانرێت، کەتاچ ڕادەیێك پەخشانی کوردی یارمەتی دەرێکی دەرکەوتنی ئەم هونەرەبووەو ئایا چیرۆکی کوردی لە خۆوە بە چەشنی قارچك لە زەوی هەڵتۆقی ؟ چونکە ڕاستوابوو کە نووسەر بە وورییایی یەوە بۆ مەسەلەکەی بڕوانیایەو سەرجەم تیشکێکی بایەخدانی بخستایەتە سەر ئەو نووسینە کورتانەی کە لە پێش (١٩٢٥)دا بلاوکراونەتەوەو بەهۆیێکی کاریگەری دابنایە بۆ شکاندنی ڕێچکەی چیرۆك ، ئاوڕیشی لەوگرەوە بدایەوە کە ساڵی (١٩٢٠) لە ڕێگای ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ەوە سازکرا بۆ نووسینی چەند پارچەیێکی ئەدەبی لەسەر شێوەیێکی پوختو ڕەوان کە لە ئەنجامدا ( مستەفاسائیب )بە پەخشانی (بۆچرووك)و جەمیل سائیب)بە پەخشانی (ڕۆژەوەبوونێك) پلەی دووەمو سێیەمیان وەرگرت(٢) ، کە بەم پێیە پەخشانی هونەری لە بۆتەی ئەدەبی کوردیدا مەیی و بەچەشنی سەرمەشقێك بوو بۆ سەرهەڵدانی

نۆبەرەی چیرۆك ، ئەم هونەرەیش لە شێوەی بیرکردنەوەی کەسانی چیرۆکەکان و ڕوخسارو شێوەی دارشتنی‌دا مۆرکێکی نەتەوایەتی پێوە لکاوە هەرچەند لە بنەرەت‌دا هونەرێکی بەرزی ئەوروپی‌یە ، هەروەها کۆمەڵگای کوردەواری بە هۆی کارتێ‌کردنی سیمای شارستانی‌یەت و دیاردە ئاشکراکانی ژیانی بەرەو چڕوئاڵۆزی ڕۆیشت کە پێویستی بە هۆیەکی‌تر بوو تادەردەدڵی دەروونی دەرببڕێ و لە مەینەتی‌یەکانی بکۆڵێتەوە کە ئەمەیش لە وزەی شیعردانەبوو ، بەتایبەتی کارتێ‌کردنی ئابووری و بەتین‌کردنی پەیوەندی بە بازاڕی ڕۆژئاواوە کە ئەمانەو چەندانی‌تریش لە دەرکەوتنی‌دا شوێنیان دیارەو نووسەری باس لێ‌یان بێ‌ئاگایە ، جگە لەمانە کەرەستەیێکی بەپێز لە کایەدابوو کە بریتی بوو لەو چیرۆکە فۆلکلۆری و باسەکۆنانەی کە دەماودەم ئەگێڕرایەوەو نەتەوەی کوردیش خاوەنی بەشێکی گرنگی‌یەتی ، تەنانەت مینورسکی دەڵێ کە (لای ئاسووری‌یەکانی چیا ، گۆرانی کوردی ووتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە بۆتە عادەتێکی گشت‌لایی)(٣) نەك هەرئەمە بەڵکو فاسیلی نیکیتین (ڕای‌وایە کە ئەدەبی کوردی لە پلەی یەکەم‌دا فۆلکلۆرە)(٤) .

نووسەر لە بارەی ( لەخەوما ) کەی (جەمیل سائیب)نەی توانیوە بگاتە ئەنجامو بە زنجیرەیێك لێكدانەوەی دژبەیەكیش مەبەستەكەی هەناسە سوارکردووە ، ئەوەتا وەك بەرگری کردنێك لە (جەمیل سائیب) دەڵێ کە (وەك داخ لە دڵێك دژی شێخ مەحموود وەستاوە نەك وەك ئینگلیز خواهێك ، چونکە لەلایەکەوە جگە لە چیرۆکەکانی لە نووسینەکانی تریشیدا کەمن بەهی ئەویان دەزانم بە پێچەوانەی هەندێ نووسەرانی ترەوە خۆی لە مەدحو ستایشو پیاهەڵدانی ئینگلیزو بەریتانیای فەخیمەنەداوە)(٥) جارێ پێش هەموو شتێك نووسینەوەی مێژووی ئەدەبو قۆناغەکانی کارێکی گۆترە نییەو بەڵگەی سەلمینەریان پێویستەو بەبێ زانینی تەواو مۆری نووسەر نالکێنرێ بەو نووسینانەی کەبێخاوەن بڵاوکراونەتەوەو لاپەڕەکانی مێژوو بە هێڵنجەوە ووشەی وابزانم دەرئەهاوێژێو ئەیداتەدواوە ، بەڵام نووسەر بەوەی باشە کە لە جێگەیێکی تردا دژی خۆی دەوەستێو ڕایەکانی پێشووی پووچ دەکاتەوەو ئەو ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یە کە بە دەستی (جەمیل سائیب)ەوە بووە بە یەکێك لەو دەستگایانەی دائەنێ کە ئەرکی پرۆپاگەندەکردنی

بەریتانیای گرتبووە سەرشانو وای‌نیشان ئەدا کە (پڕن لە دەیەها نموونەی نووسین لە سەرکۆششی دڵسۆزانەی بەریتانیا)(٦) ئەوەیش دووپات‌ئەکاتەوە کە جەمیل سائیب (هەرهیچ نەبێ بە نووسین بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا چالاکی بۆ بەریتانیا نواندووە(٧)جا لێرەدا داوای جووت‌کردنی ئەم دووڕایەی کاك حوسین ئەکەین، لەلایێکی‌ترەوە نووسەر ناڕازی‌یە لەو دەستکاری کردنەی کە جەمال بابان دەربارەی تێکستی چیرۆکەکە کردوویەتی‌و دەڵێ (هەر دەقەکەی سەر لاپەڕەکانی ژیانەوەو ژیان بەدەقی ڕاستی چیرۆکەکە ئەزانم)(٨) کەچی سێ لاپەڕە پێش ئەم ڕایەی پشتی کردووەتەوە ئەو دەقە ڕاستەو بۆ چوونەکەی خۆی لەوەبەر زیندوبەچاڵ‌کردووەو چاپی (١٩٧٥)ی کردووە بەجێی متمانەکردن، دواییش چەند لاپەڕەیێکی لە بارەی چیرۆکەکەوە پڕکردووەتەوە کە سەرجەم جوینەوەی چەند ڕستەییێکی مۆمیا کراوە بێ‌ئەوەی بزانێ کە چیرۆکەکە ببەستێتەوە بە دیاردەی چیرۆکی خەو لە ئەدەبی نەتەوە نزیکەکانی‌تر داو لاتەریك ڕای نەگرێ‌و چاوێك بەو سەرچاوانەدا بگێڕێ کە لەو ڕۆژگارەدا جێی تێڕامانو ڕوون‌کردنەوەی ئاسۆی

بیری ڕۆشنبیران بووه ، چونکه ئـه‌م هونه‌ره چۆن له ئـــه‌ده‌بی کوردی‌دا لـــه شـــێوه‌ی (خـــه‌و)دا چه‌که‌ره‌ی‌کردو ڕه‌گی قووڵی داکوتا ٠٠٠هه‌ر بـه‌و جۆره‌یش ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی لـه‌پێشتردا ده‌رگا کلۆم کراوه‌که‌ی پێ‌کراوه‌تـــه‌وه ، به‌ڵام له‌گـــه‌ڵ بوونی هه‌ندێ جیاوازی بنه‌ڕه‌تی له شێوه‌و ناوه‌رۆکدا ، خه‌وی عه‌ره‌بی بناغه‌یێکی قووڵی هه‌یه‌و سه‌ره‌تا له (ألف لیله ولیله)و مه‌قاماته‌وه بناغه‌ی داڕشتووه‌و ئاوو هه‌وایێکی ڕۆمانسی‌یانه‌ی هه‌ڵمژیوه‌و زیاتـــر له مه‌ســـــه‌له‌کانی ڕه‌وشـــــتو دڵداری‌و لایه‌نـــه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یـــه‌کان ووردبووه‌ته‌وه‌و هه‌وڵدانـــه بۆ خستنه‌ڕووی (که‌م‌وکووری‌یه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یـــه‌کان‌و چاره‌سه‌رکردنیان)(٩) به‌ڵام به پێچه‌وانه‌وه خه‌وی کوردی ڕه‌پاوره‌پ به ناخی بارو زرووفی سیاسی‌دا ڕۆچووه‌و له‌م لایه‌نه‌وه کنه‌ی تیاکراوه ٠٠٠که تـــا ڕاده‌یه‌کیش له ووتارێکـــی جیر جیاناکرێتـــه‌وه ٠ (جه‌میل سائیب)یش له چیرۆکه‌که‌ی‌دا به چه‌شنی زوربه‌ی ڕۆشنبیرانی ئه‌وســـــه‌رده‌مه که‌وتووه‌تـــه ژێرکاری ئه‌ده‌بی تورکی‌و فارسی ، بۆیه کارێکـــی ئاسایی‌یه که له گرتنی ئه‌م ڕێچکه‌یه‌داو په‌نابردنـــه به‌ر بابه‌تی خـــه‌و بۆهه‌ڵڕشتنی ڕازی ده‌روونـــی سوودی له ئه‌ده‌بی بێگانه وه‌رگرتبێ‌و به‌و ڕێ‌یه‌دا

کاروانەکەی بەڕێ کردبێ ، ڕووەوە نووسەری تورك (جەلال نوری) لە سالی (١٩٠٣)دا باسێکی خستووەتە پێش چاو بە ناوی (لەخەوما ٠٠یان گەشتێك لە بەهەشتا)(١٠) کە نووسەرەکەی لە گەشتێکی بێ ئاگایی ئەدوێ و لەو ڕێگا نادیازەوە چەند مەسەلەیێکی دەروونی درکاندووە ، یان (نامیق کەمال) چیرۆکێکی درێژی بە ناونیشانی خەوبینین نووسیوەو (مەعرووف رەسافی)ش دوای بلاوکردنەوەی دەستووری عوسمانی وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە(١٩٠٩)دا لە بەغدا چاپکراوە(١١) ٠٠٠ کەچی نووسەری ئەم کتێبە بەلای ئەمانەدا گوزەری نەکردووەو هیچی لە بارەوە نەوتوون ٠

لە بارەی چیرۆکێکی (پیرەمێرد)یشەوە (ئاواتی دل ـ گەشتێ بەسەر بالێ پەرندەی خەیالەوە) لەسەر پێودانی ڕایەکانی پێشووی کەوتووەتە حوکمدانو دەربڕینی بۆچوونی نەگونجاو ٠٠٠ بێ ئەمەیش بەلگەیێك بهێنێتەوە دەلێ (من بە دووری نازانم لەسەرەتادا کە دەستی داوەتە نووسینی ، بە پەرۆشەوە بۆ ئەوە چووبێ لە بابەتی کومیدیای خواوەندی ـ دانتی ـ لە

ئەدەبی کوردیدا بهێنێتە بەرهەم)(١٢) لێرەدا بۆ خوێندەواران هەیە کە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی نووسەر بکەنەوە کە ئەم بۆچوونە لەرزۆکەی لە کوێوە هەڵگۆزتووەو چۆن توانیویەتی دەربارەی سێ زنجیرە نووسینی بچڕ بچڕی بێ ئەنجام کە لە دواییدا دەستی لێهەڵگیراوە بیخاتە ڕیزی بەرهەمەکانی دانتییەوەو خۆسەر دەستنیشانی کۆتاییەکەی بکا ، بەڵام هەستی بەوە .نەکردووە کە پیرەمێرد لەم چیرۆکە ناتەواوەیدا سوودی لە (رسالة الغفران)ی (ابو العلاء المعری) وەرگرتووە ، بۆ چیرۆکی (دوانزە سوارەی مەریوان)یش وەك چیرۆکێکی هونەری نیشانیداوە کە لە ڕاستیدا ناچێتە ڕیزی چیرۆکەکانی سەردەمی خۆیشییەوە ...ناوەرۆکەکەیشی زادەی بیری نووسەر نییە بەڵکو وەك خۆی دەڵێ (کە چەند باسێکی ـ فولکلۆرییەو دەماودەم لەباوکو باپیری بیستووە)و(١٣) خستویەتییە ئەو چوارچێوە تایبەتییەوە ، وایشی نیشان داوە کە سالی (١٩٥٩)چاپخانەی ژین بۆ جاری دووەم لە چاپی داوەتەوە کە ئەمەیش شێواندنی مێژووی چاپکراوە کوردییەکانە ، ئەوی ڕاستی بێ ئەم چیرۆکە بۆ جاری دووەم لەو مێژووەدا کاك (محەمەد

ڕەسوول هاوار) خاوەنی کتێبخانەی ئازادی لـــە چاپی‌داوەتەوە ، لەلایێکی‌ترەوە نووسەر هەستی بەو هەڵە مێژوویی‌یـــە نەکردووە کـــە بەسەر پیرەمێرددا تێپەڕیوەو لە چیرۆکـــەکەدا ژمـــارەی بەشداران چواردەن نەك دوانزە .

بۆ چیرۆکێکی‌تریشی هاتـــووە بـــە دێڕو نیوێك کۆتایی پێ‌هێناوەو بۆی دەرنەخستووین کە پلەی ئەم چیرۆکە چەنـــدە ، جگە لەمەیش بـــە مەحموود ئاغای شیوەکەڵ) ناوی‌بردووە کە لـــە بنەرەتدا وانی‌یـــەوبە ناونیشـــانی ( پێ‌یەسی تەمسیلێکی ڕاستی لە وولاتی خۆماندا ڕوویداوە) چاپکراوە ، جارێـکی‌تریش لـه فیهرستەکـــەی (ل١٧٦) شوێن‌هەمان هەڵەکەوتووە ، کە لەمەوە ئەگەینە ئەو باوەڕەی کـــە نووسەر ، کتێبەکـــەی نەبینیوە ، لە هەموویشی سەیرتر ئـــەوەیـــە کـــە دەڵێ ( پیرەمێرد ئـــەوەی سـەبارەت بـــە دوانزە سوارە کردوویەتی دوایی دەربارەی دوو ڕووداوی مێژوویی فۆلکلـــۆری‌تریش کردوویـــەتی کـــە بەســـەرهاتی مەحموود ئاغای شیوەکەڵـــە)(١٤) جاهەق وایە بپرسین کە ئەو دوو ڕووداوە کامانەن چونکە نووســـەر هـــەرناوی (مەحموود ئاغـا)ی

بردووەو ئەوی تری دەرنەخستووە ، جگە لەمانەیش نووسەر سەرجەم چیرۆکەکانی پیرەمێردی بە مێژوویی داناوە کەچی لە جێیەکی تردا هێڵێکی ڕاستوچەپ بەسەر ئەم ڕایەدا دەهێنێو دەڵێ چیرۆکەکانی ( لە ڕووی کۆمەڵایەتی یەوە بە شێوەیەکی گشتی دواوە )(١٥) لە (ل٤٣) یشدا دوابەدوای چیرۆکەکانی پیرەمێرد پەنجە بۆ باسەکانی تری ڕادەکێشێو وای نیشان ئەدا کە نووسینەکانی تری بە مەبەستو ئامانجیاندا دەتوانین لە خانەی کۆمەڵایەتی دا دایان بنێین ...جا نازانین نووسینەکانی تری پیرەمێرد چ پەیوەندی یەکیان بە کتێبەکەی نووسەرەوە هەیە کە تەرخان کراوە بۆ چیرۆکی هونەری ، جا کە مەسەلەکە واکەوتەوەو کتێبەکە بوو بە کەشکۆڵ ڕەنگە هیچ زیانێکی نەبەخشیایەو هەربۆ خۆشی چەند شیعرێكو هەندێك لەپەندەکانیشی تێهەڵکێش بکردایە !!!.

نووسەر لە کۆتایی باسەکەی پیرەمێردا هێندەی تر خۆی لە گێژاوی وێڵیو درشتی دا دەخولێنێتەوەو مەسەلەی وەرگێڕانی کەمانجەژەن ئەووروژێنێ کە ساڵی(١٩٤٢) لە تورکی یەوە

پیرەمێرد کردوویەتی بە کوردی ، جارێ
تێکەڵاوکردنی ئەم مەسەلە لاوەکی یە پەیوەندی
بە جەوهەری کتێبەکەوە نی یەو چەند شکسپیر
پەیوەندی بە شێخ زبیرەوە هەیە هێندەیش
مەسەلەی کەمانجە ژەن لەم کتێبەدا جێی
دەبێتەوەو پێکەوە دەکوڵێن ، سەرەرای ئەم
تێ‌هەڵکێشانەیش هەڵەیەکی مێژوویی
تۆمارکردووەو ئەم بابەتەی بە یەکەم چیرۆکی
وەرگێڕاوی کوردی داناوەو گوایا ڕۆمانێکەو
کراوە بە کوردی ، هەرچەندە ئەوەیش ئەدرکێنێ
کە (فایەق زێوەر ـ١٩١٢ـ٣٠/١/١٩٥٢ )
لە ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی (٢٠)ی نیسانی (١٩٢٥)ی
ڕۆژنامەی ژیانەوەدا چیرۆکێکی وەرگێڕاوی
بەناونیشانی (حیکایەتێکی خۆش) بلاوکردووەتەوە ،
بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی (١٧) ساڵیان لە
نێواندایە هەر چیرۆکەکەی پیرەمێرد بە یەکەم
هەوڵ دائەنێ ، جگەلەمەیش وای دەرخستووە کە
(فایەق زێوەر) بە دەستکاری‌بەوە وەری گێڕاوە ،
بۆ ئەم مەبەستەیش گەڕامەوە سەر هەمان ژمارەو
بەهیچ جۆرێك ئیشارەتی دەستکاری کردنی
پێوە نی یە ...خۆ کاکی نووسەریش تێکستە
ئەسڵی یەکەی لەبەردەستدا نی یە تا

بەراوردی کردبێ ، بۆ ڕەوانیو جوانی نووسینیش ئەوەی فایەق زێوەر بە نیسبەت ئەو ڕۆژگارەوە بە کوردی‌یێکی پوختو بێ گـرێ دارێژراوە ، لـە لایێکی‌ترەوە جگە لەم بابەتـــە وەرگێڕراوە بـــە چەندان نووســـەری‌تر بەوەگێڕانی چیرۆکی درێژ پێش‌پیرەمێرد کەوتوونو کاك حوسێن پێی نەزانیون وەك (ڕەفیق حیلمی ـ١٨٩٨ـ٤/٨/١٩٦٠) کـــە داستانی (ڕۆستەم)ی لە تورکی‌یەوە کردووە بـــە کوردیو بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمـارە (٤٤٩)ی ڕۆژی(٢٠)ی تەمووزی (١٩٣٥) بەدواوە بلاوی‌کردووەتـــەوە ، (حاجی مەلا ســەعید زادە عەبدولرەحمان) چیرۆکێکی درێژی بە ناونیشـــانی (ئێمەو ئێوە) کردووە بە کوردیو لە ژمارە (٤٧٣)ی ڕۆژی(٢٨)ی مـارتی (١٩٣٦) ڕۆژنامەی (ژیان)دا بلاوکراوەتەوە ، (محەمەد عەبدولرەحمان) (ڕۆمانی (حاجی بابای ئەسفەهانی) کـــە لـە نووســـینی نووسەری ئینگلیزی (جیمس مۆلەر)ە کردووە بە کوردیو لە ژمارە (٦٦)ی ڕۆژی (١٢)ی شوباتی (١٩٣٩)ی ڕۆژنامەی (زبان)دا بە چەند زنجیرەیێکی درێژ بلاوکردووەتەوە ، ئەمە جگە لەوەی کـــە چاكو خراپی وەرگێڕان هیچ پەیوەندی‌یێکی بـــە سەرەتای ئەم کارەوە نی‌یەو گرنگ ئەوەیە کـــە

بتوانرێت پەنجـــە بخرێتەسەر یەکـەم چیرۆکی وەرگێڕراو نەك وەك نووسەری ئەم کتێبە کـــە مەسەلەکە پەیوەندی بە کرۆکی باسەکەیەوە نی‌یەو لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاستی بزرکردووە ٠

نووسەر بەقەوارەی (٣)پەڕە لە چیرۆکەکانی (محەمەد عەلی کوردی) دواوەو دەری‌خستووە کـە تەنهـــا دوو بەرهــەمی دیوە لـــە ســـاڵانی (١٩٣٤ـ١٩٣٦)دا نووســـراون ئەوی ڕاستی‌بێ ناوبراو چەنـد بەرهـەمێکی‌تریشی هەیە کە لـــە ساڵانی پەنجادا بڵاوی کردوونـەوە لە هەموویان ڕەنگینتر ئـــەو کورتەچیرۆکەیەتی کـــە لـــە (بەعقوبە)وە ناردوویەتی بۆگۆڤاری (هەتاو)و لـــە ژمارە (٢٨)ی ساڵی یەکی ڕۆژی (٢٠)ی نیســانی (١٩٥٥)دا بڵاوکراوەتـــەوە ، لە دوایی‌دا لــەوە دواوە کە چیرۆکی (دوای سەرخۆشی زۆرشێتی‌یە) بابەتێکی ســـاکاری کۆمەڵایەتی‌یـەو قەڵـــەمی ووردکردنەوەی ڕووبەڕوو نەکردووە ، کە دیـــارە ئەمەیش پێچەوانەی واقیعـە ٠٠٠چونکە ئـــەوی ڕاستی‌بێ کە ئەم نووســەرە یەکـــەم ڕۆشنبیری کوردە لەوکاتەدا توانیبێتی بە قەڵـەم پارێزگاری لە ئافرەتانی کورد بکاو دیمەنی چەوساندنەوەیان

به تابلۆی چیرۆك بنەخشێنێ ، بۆچیرۆکی (نازدار)یش کە تەنها (٣)زنجیرەی لێ بلاوکراوەتەوە نووسەر بە خەیاڵی خۆی لەسەر پێودانی بابەتە ناتەواوەکانی پێشوو ڕەنگی لاپەڕەکانی دوایی بۆ ڕشتووەو پەلی بۆرستێك لێکدانەوەی بێ بناغە هاویشتووەو مافی تەواوی بە چیرۆکەکە نەداوە .

نووسەر لەبارەی چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەمدا کەوتووەتە هەڵەیێکی نالەبارەوەو نیشانیداوە کە فۆلکلۆر لەم ماوەیەدا پەیوەندی بە چیرۆکەوە نییەو دەڵێ (ئەگەر ئێستا پەیوەندی هەبێ لەگەڵ فۆلکلۆرماندا ، ئەوا لە نیوان کاروانی نەش‌ونماکردن‌و پێگەیشتن‌و پەرەسەندنییەوە پەیدای کردووەو بنجی خۆی پێوە بەستووەتەوە)(١٦) کەئەم ڕایە لەبەر تیشکی ڕاستی‌و واقیعدا دەپووکێتەوە ، چونکە چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم بە تایبەتی بابەتەکانی پیرەمێردو محەمەد عەلی کوردی) تێکرا سەرچاوەکانیان فۆلکلۆرەو ڕەنگدانەوەی بابەتی کەلەپووری نەتەوایەتین‌و لە چەکەرە دەرکردنیدا پاڵپشتێکی تەواوبوون بۆ نووسەران ، ئەوەیش سەیرە کە نووسەر لە هەندێ چیرۆکی ئەم

سەردەمەدائەم ڕایەی ئێمەی درکاندووە کــــەچی دوایی مەسەلەکەی لا ئاوەژوو بووەتەوە . نووسەر لە بەشی دووەمی باســــەکــــەیدا کە بــە ماوەی (نـــەش‌ونماکردن ١٩٣٩ـ١٩٥٠) نـاوی بردووە چیرۆکـــەکانی گـەلاوێژو دەنگـــی گێتی تازەی هێناوەتــەســەر دەستگای ووت‌وویژو ڕادەربڕین ...لەم بەشەیشــدا بێ‌شاردنەوە ڕووی گـــەشی چیرۆکەکانی ئەم سەردەمـــەی هـــەڵبزرکاندووەو هێڵێکی ناشی‌یانەی کێشاوە بەســــەر ناوازەترین بەرهەمی ئەم پلەیەداو بە تەورێکی نازانستی‌یانــە بەردارترین درەختی هەڵچووی چیرۆکی بڕیوەتەوە ، ئەوەیشی کــــەلاخستووە کـــە ئـــەم هەڵوێستە گزی‌کردنێکی ڕاستەو خۆیە لەمێژووی ئـــەدەبو دوارۆژیش بە هەندێ بەیت‌وبالۆرە ناسڕێتەوە ، ئەوەتابە بـــــەرچاوی جـەماوەری خوێندەوارانو تینووی ووشەی پیرۆزەوە بلـــە (هـ. ل. ب)ی لە مێژووی چیرۆکی کوردی دەرهاویشتووە ، کـــە هەموو قەڵەمێکی خاوەن هەڵویستو بەتەنگەوەبوو بۆ بیری خاوین بە جیاوازی بیروراyانەوە لەســـــەر ئەو ڕاستی‌یە بە یـــەك دەگەن کە گـــەشترین بابەتەکانی سەردەمی کەلاوێژ لە زادەی بیری ئەم نووسەرەنو بــەری ڕەنجو داهێنانی‌یەتی ، بـــە

نەوازیشـــەوە (خازێو کـەرەلۆتی مەنۆچـەرو کوێرەوەری) شـــوێنی دیـــاری‌یـــان گرتووە ، بابەتەکانیشی سەرجەم لە ناوجەرگەی واقیعـــی کوردەواری‌یـــەوە گوڵبژێر کردووەو یـەکـــەم نووسەری کوردە کە بەســەرکەوتوویی ڕووداوی خۆماڵیێو خەباتی چینایەتی‌و هەستی نەتەوایەتی‌و نـــەخۆشی کوشـــندەی بیروکراتی تێهەڵکێشـــی نووسینەکانی بکاو قەڵەمەکـەیشی موعانات لـــە نرکەو راپەڕینی جووتیـــارانی کوردەوە زووخـــاو هەڵڕێژێو دیمەنـــە ڕەزاگرانـەکانی کۆمەڵەکـەی نیگاربکێشێ ، بەوپەڕی داهێنانیشـــەوە هونەری تێکەڵ بە واقیع‌کردووەو ڕابەرێکی خاوەن زەمینەی ڕێبازی ڕیالیزمە لەئـــەدەبی کوردی‌دا ، لە ڕووی هونـەریشـــەوە دەســـتڕەنگینیـــان ێێـــوە دیارەولـــەڕیزی‌پێشـــەوەدا ئەوەستن ، ئەوەیش سەیرە کە ساڵی(١٩٦٠) خاوەنی ئەم کتێبە هەمان ڕای‌بوو ، لـــە ووتارێکی‌دادەری‌خستبوو کـــە بلە(هـ٠ ل٠ ب)لەسەردەمی گەلاوێژدا بوو بـــە ناوەرۆکێك لە نووسینی چیرۆکی کوردی‌دا(١٧) ، تـۆ بڵێی بیروباوەرەکـــانی کـاك حوســـین بەرەوپێشـــەوەچووبن‌و بیـــەوێ بۆچوونـەکانی لەوەبەری پۆوچ بکاتەوە ؟٠٠یان ڕایەکانی نووسەر

بەپێی گۆڕینی ئاووهـــەوا دەگۆڕڕێت ؟ بـەڵام ئەپرسین کە ئایا چیرۆکەکانی ئـــەم نووســـەرە بەقەدەر ئەو بابەتانە هونەریان تیانی‌یە کە بـــۆ هەریەکەیان چەند لاپەڕەییێکی بۆ تەرخان کردوونو تەنانەت بەبێ موناسەبە ناونیشانی تایبەتی بـــۆ دانـــان ، یان نــــەیان‌تـوانیبێ بەقـــەدەر (سەرگوزەشـتەکـەی ئەحەی جاوو ڕێوی‌یەکـــەی قەمچووغەی ســـەجادی‌و بووكو خەسووەکـــەی شاکـیرو فەتاحو بابەتـــەکانی دەنگی گێتی تازە) هەستی نووسەر بجووڵێنن ، خۆ ئەگـەر هەندێ لەو بابەتانەی کە کاك حوسین بەناوی چیرۆکـــی هونـەری‌یـــەوە تۆماری کردوونو ناونیشـــانی بۆداناون بە چـیرۆك دابنرێن ئەوابێ‌لێکدانـــەوە سەرجەم بابەتەکانی هەر پێنچ بەرگەکەی ڕشتەی مرواری بە چیرۆك دەدرێنە قەڵەم ، لەلایێکی‌ترەوە لە یەك دوو شوێن‌دا بە چرپە ناوی (مەنۆچـــەر) دەهێنێ بێ‌ئەوەی بی‌لکێنێ بە نووسەرەکەیەوە کە ئەمەیش تەواو لەو دیاردەیە دەچێت کە یەکێـــك ملوانکەییێکی دزی‌بێ‌و لەبەر خاوەنەکەی بەشـــەو بیکاتە مل ، جا لەم ناوهێنانەیشدا خزاوەتە لاریێ پێوانەو بەراوردکردنێکی هەرەمەیی‌یەوە چونکـــە بۆ چیرۆکی (ڕۆنەزەنگی حەمەسەن)ی ســـەجادی

وای نیشانداوه که (کارەساتـــەکانی ئاســایی‌تر ڕوودەدەن‌و بەسەرهاتەکە بە گشتی ڕاستەقینەتر دەنوێنرین ، هـــەروەکـوو چیرۆکنووس ـ واتا سەجادی ـ لێرەدا زیاتر لە نزیکەوەو شارەزایانەتر ..تەرزی ژیان‌و جۆری ئەرك‌و ئازاری زەحمەتکێشە چەوساوەکـــانی لادێ دەخاتــە ڕوو)(١٨) کـــە دیارەئەم‌بەراوردکردنە لەگەڵ کارەساتی مەنۆچەردا هەرتەواو لەخرکەچوونی ڕاستی‌یە ، خۆئەگـــەر کەرەستەی چیرۆکەکەی سەجادی تێکرا ڕووداوێکی ڕاســـتەقینەنەبێ‌و تاڕادەێـیـك لە زادەی بـیری نووسەرەکەی بێ ، ئـــەوا کەرەلۆتی مەنۆچـــەر بابەتێکی واقیعی‌یەو لەسالانی چلدا ڕوویداوە لە کاتێکا کـــە نووســـەر فەرمانبەرێکی مـیری بووە لەناوچەی هەڵەبجەو بـەم کارەســاتەی زانیوە ، (مەنۆچەر)یش لە دانیشتوانی گوندی دەرەشیشە لە هەورامان‌و لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بە (د) ناوی دەبا ، جگە لەمەیش سەرنجدانێکی هەردووچیرۆکەو هەڵسەنگاندنیان بە چاوێکی تیژی ڕەخنەگرانـــە ئەم ڕایەی کاك حوسین ئەداتە دواوە ، بەلام نووسەر بیـــەوێ‌و نەیـــەوێ ( هـ٠ل٠ب )پێشـــەوایێکی ڕاســـتەقینەی چیرۆکـــی کوردی‌یـــەو بەدەگمـــەن چیرۆکی ئەمڕۆ توانیبێتی کـــە لـــە جغزی فۆرم‌و

ناوەرۆکی ئەو بابەتانە دەرچن ، ئەوەیش مایـــەی سەرسوورمانە کە نووسەر باسی چیرۆکی هونەری ئەکات کەچی لەپڕو بە خەیاڵ سەر دەکێشێتـــە جیهانی گاڵتەوگەپو بەزمی ڕۆژانەوەو پەنجە بـــۆ ڕشـــتەی مرواریدرێژدەکاتو ئـــەڵێ (بۆ خۆی جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی یەو شایانی لێکۆلینەوەی تایبەتی خۆیەتی) جا لێرەدا نازانین کە ڕشـــتەی مرواری چ داوێـــك گرێێ ئەدات بە ناوەرۆکـــی کتێبەکەوە ، تۆ بڵێ نووسەر بابەتەکانی ئـــەم کتێبەیش بە چیرۆکی هونەری بزانێ بۆیە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ٠

هەرلەم بەشەدا بەناوی (ڕێبوارەکانو تەنها چیرۆکێك) ناوی ئەو نووسەرانە براوە کە تەنهـا چیرۆکێکیان نووسیوەو ئیتر کپبوونو بە حەوت نووسەریان دائەنێ ٠٠ کە لە مەیشدا نەیپێکاوە بەرەو هەڵدێری چەواشەبوون داخزاوە ، چونکـە چاو گێڕانێك بە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەدا لـــەو ڕاستی یە ئەگەین کە ئەو نووسەرانە زۆر زیاترن لەو حەوت نووسەرەی کە ناویان براوە ٠٠٠ ئـەوا بە پێویستی ئەزانم کە ناوی ئەوانە تۆمار بکـــەم کە نووســەر نـەیبینیون (ســـەرگوزەشـــتێکی

دڵداری ، دوو چاووبەیتێك)(١٩)لـە نووسـینی ڕەشید نەجیب کـە بە نازنـاوی (ر٠ن)بـڵاوی کردووەتـەوە ، چیرۆکی (دەمـاری کورد چیت لەبارایە)(٢٠) لە نووسـینی (پەروین) چیرۆکـی (بەسەرهاتی هەژارێك)(٢١) کـە (عەلی عەبدوڵڵا) نووسـیویەتی ، چـیرۆکی (شێرەژن)(٢٢) لـە نووسـینی (ئەمـین زەکی) ئینجـا نووسـەر لەناوسەرجەم بابەتەکاندا چیرۆکـەکـەی ( شێخ سەلام ١٨٩٧-١٩٥٩/٣/٣)پەسەند ئەکـات کە ناونیشانەکەی (نە مەنە نە هۆقە یا مەنە یا هۆقە) یە و ئەڵێ (وەك چیرۆکێکی هونەری خۆی دەنوێنێو سەرنجڕادەکێشێ)(٢٣) لەم بارەیەوە حەز ئەکـەم بڵێم هەرچەندە کارەکەی شێخ سەلام بابەتێکـی کۆمەڵایەتی گونجاوە بەڵام لە هەموویان پەسەندتر نییە ، بۆ وێنە چیرۆکی (ئەرخەوان)ی فایەق کاکە ئەمین)کـە بابـەتێکی کۆمەڵایـەتی دڵگـیرەو نووسەرەکەی تا قەڵەمی مەودای هەبووبێ بـە کوردیو شێوەیێکـی ڕەوان دیمـەن دڵسۆزیو وەفای ئافرەتی کوردی نیشانداوەو سووتان لـە پیناوی هاوبـەشی ژیاندا بـە ڕەنگینترین تابلۆ ئەنەخشـێنێ ، ناگزوورییـە کۆمەڵایەتییەکانو واقیعی ژیانی کردووە بە هـەوێنی چیرۆکەکـەی ،

تەنانەت ئەم چیرۆکەو زۆری تریش لە ڕێبوارەکـــان زۆر لەو بابەتانـــە سەرکەوتووترن کە نووســەر ناونیشانی تایبەتی بۆداناون و لەبەر تیشکی کوێرە لێکدانەوەکـــانی دا خوێندەوارانی دەروون پاکـــی بەشەوارەخستووە ٠

بۆ نووســەرانی (دەنگی گێتی تازە)یش گولبژێری چەند ناوێك كراوە وەك حوزنی و ئیحسان مستەفاو فایـەق زێوەرو دڵسۆز ، چیرۆکەکانیشیان یـەك لە دوای یەك ڕیز کراون و شێوە بیبلیۆگرافیایەکیان لێ پێـك هێنراوە ، ئـەم بابەتانەیش بە تایبـــەتی چیرۆکـــەکانی حوزنی موکریانی و دڵسۆز هـــەر درێژەپێدانی ئەوبابـــەتە فۆلکلۆری و حیکایەتـــە کۆنانەن کە دەماودەم ئەگێڕێنەوەو لە زوربەیاندا مەرجە هونەری یەکانیان تیاکاڵ بووەتەوە ، ئەوەیش سەیرە کە نووسەر لەبارەی چیرۆکەکانی دڵسۆزەوە دانی بەمـــە داناوەو ئـــەڵێ (کە وەك سێ ڕاپۆرتی ووشـــك و بێ گیـان نووسراون کە بەوە لە ڕووی هونەری یەوە تەواو پووکاونەتەوە)(٢٤) جا کەوایە ئـــەی چۆن خرایـــە دووتوێی چیرۆکی هونـــەری کوردی یەوە ؟ بۆ چیرۆکـــی (مامپیاو)ی (حوزنی)ش وای نیشاداوە کە پەیڕەوی شێوەی چیرۆکەکەی شێخ

سەلامی کردووە ، کە ئەمەیش تارادەییێک دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستی چونکە هەردوو بابەتەکە لە یەك ژمارەی (گەلاوێژ)دا بڵاوکراوەتەوە ، جارێکی تریش چیرۆکەکەی حوزنی لە ( دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە ٠٠٠جا ئیتر کەی و چۆن پەیڕەوی کردووە ، خۆگەر بووترایە کە هەردوو بە یەك جۆر بیریان کردووەتەوە ئەمەیان کونجاوتر ئەبوو نەك لاسایی کردنەوە ٠٠ ) ٠

(بەرەوپێگەیشتن ١٩٥٠–١٩٦٠)ناونیشانی بەشی سێیەمی کتێبەکەی نووسەرە ، خوێندەواریش کە ڕوو لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە ئەکات بەشەوقەوە واچاوەڕوانە کە تا ڕادەییێکی دڵخۆشکەرە لە شێوەو ناوەرۆکی بەرهەمەکان بکات و ئاشنا بکرێت بە پلەی بەرەوپێشچوونی ئەمهونەرەو بە هۆی هێڵێکی بەیانییەوە پلەی بەرەوپێشچوونی نووسەرانی بۆ دەستنیشان بکرێت ، جگە لەوەیش مەبەستیانە کە ئەو وەڵامەیان دەستگیر ببێ کە تاچ سنوورێك چیرۆکەکان ڕەنگدانەوەی باروزروفی ئەو ڕۆژگارەن ؟ تەنانەت کام نووسەری سەردەمەکە توانیویەتی کە زیاتر لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بگونجێو پەرە بە داهێنانی هونەری بدات ، بەڵام

ئەمانە لەم بەشەدا دەرناکەونو لەباتی ووردکردنەوەو ڕۆچوون بە قووڵایی بابەتەکاندا بە شێوەیێکی بروسکە ئاسایی چیرۆکەکانی ڕیزکردووەو لە زوربەیاندا بەرستەیێکی بێ ناوك دەستبەرداریان بووە ...جالێرەدا بە چەند خالێك ئالۆزییەکانی ئەم بەشە بۆ خوێندەواران ئاواڵە ئەکەمەوە :

**١ ـ لە (ل٩٥)ی سەرەتای ئەم بەشەدا باس لەباروزروفی سیاسی ئەو ڕۆژگارە کراوەو ئاوڕ لەو ڕۆژانە دراوەتەوە کە جەماوەری گەل هەردەم لە ڕاپەڕینو هەڵچووندابوون دژی دەستگا فەرمانڕەواکانی سەربە ئیمپریالیزم ، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە لە باریدا نییە کە بتوانێ چەپکێ تیشکی مەوزوعییانە بخاتە سەر باسەکە ، چونکە هیچکام لە چیرۆکەکان نەبەستراونەتەوە بەو بزووتنەوەو ڕاپەرینانەوە ، نووسەر لە جووڵانەوەی جووتیارانو ڕاپەڕینەکانی تشرینو زۆر جۆری تێکۆشان دواوە کەچی پەنجەی نەخستووەتە سەر چیرۆکێك کە موعاناتی لەو ڕاپەرینەوە وەرگرتبێت ، نەك ئەمەیش بەڵکو بە ئاوەژوو بەرهەمەکانی دیوە ، ئەگینا بە چیرۆکی (چۆن لە بیرم بچێتەوە)ی**

(مستەفا سالم کـەریم)ی نەئـــەوت خەیاڵێکـی ڕۆمانسی یانەیە(٢٥) ، گە ئەبوایە لەوە ئاگادار بوایە کە نووسەری چیرۆکەکە لەو سەردەمەدا کە قاروقینی گەل گەیشتبووە پلـەی هەژانو خۆنیشانـدانو هەستی نەتەوایەتیو چینایەتی لە کڵپەدابوو ، لەو ڕۆژگارەدا ویستوویەتی کە تابلۆیێکی خەباتی گەل پێش‌چـاو بخاتو جوانترین بابەتو پاڵەوانـی نموونەیی کەبە بیردا هاتبێت لە کۆڕی خەباتا ئافرەت بووە ، بە تایبەتی دەوریان لە ڕاپەڕینەکەی تشرینی دووەمی (١٩٥٢)دا ، پاڵـەوانی چیرۆکەکـەیش (پرشنگ)ی کولێجی (صیدلە) نمونەیێکی بەرچاو ڕوونی ئەو بەرەیـەن ، دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسوول)یش (پەنجەی بۆ ئـەم مەسەلـە گرنگە ڕاکێشـاوە)(٢٦) جا ئـەو سـەرەتا مێژوویی‌و سیاسی‌یە کە لە سەرەتای بەشەکەدان گەرنەلکێنرێ بە بابەتەکانـەوە چ سوودێـك ئەگـەیەنێ ؟ یان چیرۆکی (هێزی برسێتی) ساجید ئاوارەی تەنهـا لە دەلاقەیێکی بچووکەوە سەیر کردووە کە مەسەلەی سواڵ کردنە(٢٧) ... بێ ئەوەی لەو ڕاستی‌یە بگات کە بابەتەکـە لـە بنـەڕەتدا ڕسواکردنی ڕژێمی دەرەبەگایـەتیو چـەوساندنەوەیە ... تەنانەت پاڵەوانی چیرۆکەکـە ئەڵێ (کارەسـاتی ئێمەش

**دەربەدەری ژێرچەپۆكو ستەمكاری دەرەبەگە)(٢٨) بۆ چیرۆكی (نامەیەك بۆ بەندیخانە)ی (محەمەد مەولوود مەم) هێندە ووتراوە كە ( نامەی منداڵێكمان نیشان دەدا كە كۆنەپەرستان باوكی تێكۆشەریان لە زیندان توندكردووە)(٢٩) بێ ئەوەی وەك پێویست لە ڕووەكانی ئەم چیرۆكە سەركەوتووە بكۆڵرێتەوە ، كە لێرەیشدا ئەم سێ نموونەیەم خستە پێش چاو ئەوە ناگەیەنێ كە تەواون بەڵكو چەند نموونەیەكن لە دەیان بابەتی تر كە بەناڕەوا قەڵەمیان ئاراستە كراوە •**

٢ ـ نووسەر لە (ل١٢٢)دا لە دیاردەی شێوە ڕیپۆرتاژێك ئەدوێو بۆ ئەمەیش چەند چیرۆكێكی بەدەستەوەبە وەك (كە دایكم بەرۆژو بوو)ی محەمەد مەولوود مەمو (زڕەی زنجیر)ی مستەفا ساڵح كەریمو (ڕێگای ئازادی) محەرەم محەمەد ئەمین ٠٠٠وایشیان باس ئەكات كە ڕیپورتاژێكی سیاسینو خراونەتە قاڵبی چیرۆكەوە ، كە ئەم بۆچوونەی نووسەر لایەنی ڕاستی تیا ئەبینرێ بەڵام ووروژاندنی ئەم مەسەلەیەو باس كردنیان بە دوو ڕستەی بچڕپچڕی بێناوك نایەتەدیو پێویستیان بە قووڵبوونەوەو پەلهاویشتن هەیە ، ئەوی

ڕاستی بێ ئـــەم دیاردەیە لەســـەردەمی شۆرشی چواردەی تەمووزدا بەشێکی دانەبڕاوی بەرهەمـی ئەو کاتەیەو چیرۆکی کوردیش چ لە ڕووی ژمارەو چ لە ڕووی هونـــەری یـەوە بـــە کزی ئەبینراو ئەوگوژمەی جارانی نەبوو ، ئەمـــەیش بـەندبوو بەوەی کە سەرجەم ئەو مەبەستو خواستانەی کـە لە دڵی ڕۆشبنیرەکان‌دا قوڵپی ئەداو هیوای ژیانیان بوو تا ڕادەیێك هاتنـــەدیو کـەفوکوڵی دڵیان نیشتەوە ، ڕازی دەروونی پەنگ خواردوویشـیان بەپارچـــە شیعرێکی شۆرشگێرانـــە دەرئەبڕیو بەباشی نەیان‌توانی کە تەفاعول بکەن لەگەڵ ئـەو بارە شۆرشگێری یـەی کـــە شۆرش خوڵقانـدیو سەرتاپا باروقوژبنی زۆرانبازی کۆمەڵ بە باشـــی دەرنەکـــەوتبوو ، لـــەلایێکی ترەوە حەماسەتـــی جەماوەرو کاریگـــەرێتی ئەو ڕووداوە مەزنـــەو بەرەڵلابوونی دەنگی کپ‌کـراوی ئازادی‌خواهـــان هەندێ جاروایان لـــە بەرهەمی ئـەدەبی کردووە کـــە مۆرکی لافیتەیی ودروشـــمی‌زەقو زاراوەی سیاسی‌یان پێوە بلکێنرێو بەهـــای هونـەری‌یان بهێنرێتە خوارەوە بۆ مەبەستێکی شۆرشگێرانە ، ئەمەیش تەنها بە بالای ئەدەبی کوردی‌دا نەبڕابوو ، بەڵکو ئـەدەبی عەرەبیشی گرتبۆوە لە عـیراق‌دا

...ڕەخنەگر (فاضل ثامر) لە بارەی چیرۆکێکی لەم چەشنەی (غازی عبادی) کە بە ناونیشان (الاعداء) بڵاوی کرددوەتەوە ئەڵێ (ناتوانین خۆمان گێل بکەین لە بەکارهێنانی دروشمی جیرو ڕاستەوخۆیی کە بە ئاشکرا خۆی ئەنوێنێ‌و زمان‌و هونەری چیرۆکەکەی کەم‌کردووەتەوە)(٣٠). لەلایێکیترەوە کاك حوسێن بۆ ناوی چیرۆکە سادەکانی خۆی نابات کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەوبابەتانەن کە تەواو تووشی ئەم پەتایەبوون‌و تێکرا دروشمی خۆنیشاندانەکانە وەك ( زۆری بە دەمەوە ماوە)(٣١)(مردن بۆ دوژمنی هەردوولا)(٣٢) (لە کۆڕی خەباتا)(٣٣) (مژدەی ئازادی)(٣٤) (مامەی قۆشمەی ئاژاوەچی)(٣٥) هەرئەمەیش وای لە دکتۆر عیزەدین مستەفا کردووە کە دەربارەی چیرۆکی (مردن بۆ دوژمنی هەردوولا) ڕاییکی بەجێ‌دەربڕێ‌و بڵێ (کە بە چیرۆك ناژمیررێت‌و ریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەنووسی‌یە)(٣٦) بۆ سەلماندنی ئەمەیش پەڕەگرافی نووسینێکی کاك حوسێن ئەخەمە ڕوو کەلەو کاتەدا ناوی ناوە چیرۆك‌و لەژێر ناوی (مژدەی ئازادی)دا بڵاوکراوەتەوە ، پاڵەوانی سەرەکی وەك لە خۆپیشاندانێکدا خرابێتە سەرشان‌و ووتار بۆ

جەماوەر بدات (نەلێدانو ئازاردان ، کوشتنو خنکاندن نە برسیو دەربەدەری کردن ، وە نە دیواری کۆنکرێتو دەرگای پۆلایین ڕێگە بە کاروانی ئازادیخواهان ناگرێ ، زۆرداری هەر لەدایك بوو فەرمانی خنکاندی خۆی لەگەڵ خۆیا ئەهێنێ)(٣٧) خۆگەرەوای دەرئەخات کە ڕاست نەبووە لە خۆی بدوێ کە ئەمەیش لەبەر خۆری چەند بەڵگەیێکی هەستپێکراودا ئەتوێتەوە ، بەڵام من وای بۆ ئەچم کە نووسینەکانی ئەوسەردەمەی جگە لە چای شیرین هیچیان ڕووی دانیشتنیان نییە لە کۆری ئەدەبیدا ئەگینا نووسەر ئەوەندە بێفیز نییەو بۆ هەرهەمان نووسەر لە باسی تەکنیکی چیرۆکەکانی سالانی دوای حەفتا(٣٨)دا باسێکی درێژەو لە بەرناوی خۆیو لێکدانەوەی چیرۆکەکانی بواری کەم کەسیتری داوەو زیاتر لە (١٠)جار خۆی بەسەرکردووەتەوەو لە زۆر شوێندا شی کردنەوەی چیرۆکەکانی لاپەڕەیێکی گرتووەتەوە …

٣ ـ لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا نووسەر بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوەو جووتیارانو هەژاران ئەکا بە ناو یەکداو بە دووبارەکردنەوەی

تفتەوە برستی باسەکەی بڕیوە ، بەڵام بێ ئەمـــەی
بتوانێ شتی تازە بەدەستەوە بدات ، ئەوەتا لـەو
ڕاستی یە دوورکەوتووەتەوە کە پەنجە بخاتە ســەر
ئەو خاڵە گرنگەی کـــە نووسەران لەم قۆناغــەدا
تەنیابە دیار گیروگرفتــەکانی جووتیارانەوە دۆش
دانەماون و ســــەرجەم بیروهۆشــیان لای ئــەوان
نەگیرساوەتەوە ، بەڵکو لە ناوەراستی پەنجاکـــان
بەدواوە هەنگاوێکی تازەو سوودبەخشیان نـــاو
ڕوویان کردە چینە هــــەژارەکانی ناو شار ، وەك
بیانـــەوێ ئــەوە بسەلمێنن کە ڕێژێمی نیمچـــە
دەرەبەگایەتی تــەنها دوژمنی هـــەژارەکانی لادێ
نی یەو دەسەڵات دارانی شارو لادێ بەرژەوەنـدی
تایبەتی یان پێکەوە گرێدراوە ، وێنەی ئەمــەیش
زۆرن وەك (مام هۆمەرو سەیرانێـــك لە ئەزمڕ)ی
محەرەم محەمەد ئەمین و (چەندم لێ ئەسێنی) مستەفا
ساڵح کەریم و (پەنجا فلس و کارمـــان ئەوێت)ی
محەمەد مەولوود مەم و (لەتێ نان و شیشێ کەباب)ی
فازل نیزامەدین و (خاکەرۆکــەر)ی جەلال مەحموود
عەلی و چەندانی تر ، یان لەسەرجەم لێکۆڵینەوەکەیدا
چەندەها ڕستەی دووبارەکراوەی تێ ئاخنیوە کـــە
باسەکـــەی هەناســەسوارکردووەو زیادەیەکیشی
نەخستووەتەسەر ، چەندەها جارفرەیزی (هەژاری و

نەخۆشیو نەخوێندەواری)وەك وێرد ئەدا بەگوێی خوێندەواران‌داو تەنانەت لە (ل١٠٨)دا بە جۆرێکی بێ‌تام ئەم‌فرەیزەی دووجار نووسیوەتەوە بێ ئەوەی لەم چیرۆکانەدا تەنها نموونەیەکمان نیشان بدات دەربارەیان ، وەیاخود کام چیرۆك نەخوێندەواری وەك دەردێکی ترسناك دەڕیریوە ..

٤ ـ نووسەر لە زۆر شوێنی باسەکەیدا بەلای لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزدا گوزەری نەکردووە بەڵکو تەنانەت پێش‌چاوخستنێکی هوشیارانەیش نی‌یەو بە چەشنی بروسکەیێکی تیژ تێپەرو بە جەڵەبی لێ‌یان دواوە ، بۆ وێنە (ل١٠٣) لەباس‌کردنی حەوت چیرۆك‌دا بەڕستەیێك خۆی‌دەربازکردووەو ئەڵێ (باسیان لەو دەردی هەژاریو برسێتی‌یە یەو هەریەکە لە سووچێکی‌یەوە بە نموونەی هەڵبژاردەی تایبەتی خۆی لێ‌ی‌نەدوێ) لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە کە کام سووچو نموونە ؟ ئایا سەرجەم چیرۆکەکان ناوەرۆك‌و پلەی هونەری‌یان لە ئاستێکدان ؟ یان چ نووسەرێکیان سەرکەوتووترن‌و توانیویانە مەبەستەکانیان دەرببرن ؟ چونکە خوێندەوار بەو ڕستەیەی نووسەردا هیچ لەو بابەتانە هەڵناکرێنی هەرچەندە

بەناو (لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی؟ ئەخوێنێتەوە ، نەك ئەمــە بــەڵکو لە (ل١٠٥)دا لەمــەیش زیاترو (٩)چیرۆکی وەك تــەسبیح هاومــڵ کــردوون ، لەلایێکی تــرەوە نووسەرێکــی وەك دکتۆر کاوس قەفتان کــە یەکــەم بــەرهــەمی ســاڵی(١٩٥٣) بڵاوکراوەتەوە ڕەوایــە لــەم کتێبەدا تەنها ( نیو دێری پێ ببەخشرێ) ٠ لەسەرێکی ترەوە بێ تێکەیشتن قەڵەمی بۆچیرۆکەکان بردووەو جۆرە سۆپەرمانێکی لێدروست کردوون ، بۆ وێنــە چیرۆکی (جوان)ی مەحموود ئەحمــەد(ل١٠٤)وای دەرخستووە کــە جوان ملی بۆ خواستی ئاغانەداوە ، لە کاتێکــدا جەوهەری کتێبەکــەو (مامهــەباس)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە تووشی ئاڵۆزی هاتووەو بەرزونزمی لــە هەڵویستیدا ئاشکرایە ، هەرچەندە ئەم چیرۆکــە لەبەرهەمە نایابەکــانی خوالێخۆشبوو مەحموود ئەحمــەدەو (١٩١٧ـ١٧/٩/١٩٦١) ویســتویەتی سووچێــکی تاریکی ژیــانی جووتیاران ڕۆشــن بکاتــەوەو ڕیژیمی گــەندەلێ دەرەبــەگابــەتی ڕیسوابکا ، لەسەرەتاداو لە (ل٩)ی چیرۆکەکــەدا وەسفی مام هەباس ئەکــاتو ئــەڵێ (ناقایل بــە پــەیرەوی کۆمــەڵ ، هانــدەر بۆ بــەرهەڵستیو نارەزایی نیشاندانو دەربڕینی ، دەرگا والآهەمیشە

له ڕووی میوانو ڕێبوارو پەنابەراینا)(٣٩) کەچی نووسەری چیرۆك خاوەنی ئەم هەستە پیرۆزە بەجارێ گلۆر ئەکاتەوە بۆ ناو کەندەلانی ورەبەردانو مێژووی بزووتنەوەی بەرەی جووتیاران لەکەدار ئەکاتو ئەڵێ (مام هەباس دیاری ئامادە ئەکات ، ئەگاتە ماڵی گورگین ئاغا ، دەنگی لەگەڵ ناکەن تاکوو دیاری یەکان ئەگەیەنێ بەجێگەی خۆی ، ئینجا بەپێ ی باو دائەنەوێتەوە بۆ دەستی ئاغا ماچ کردن بەڵام وەك نیشانەی دڵ ڕەنجان ئاغا دەستی نەدایە بەڵکو کەوتە نەڕاندن بەسەریا)(٤٠) جا ئەم کەلەبەرە گەورەیەی کە لە چیرۆکەکەدا هەیە نووسەر هەستی پێ نەکردووە .

٥ ـ نووسەر لە تۆمارکردنی ناوی چیرۆکو شوێنو مێژووی بلاوکردنەوەیاندا چەندان هەڵەی زەق پەڕیونەتە کتێبەکەیەوە وەك (ل١٠٢) بە چیرۆکەکەی محەمەد ڕەسوول هاوار ئەڵێ (حەسەنۆك) کە لە ڕاستیدا (حسنۆك)ە کە ئەمەیش هەڵەی چاپ نی یە چونکە لە فیهرەستی کتێبەکەیشدا (ل ١٧٢)هەر هەمان هەڵەکراوە . چیرۆکی (منیش هەژاربووم)ی أ.ب. هەوری (ل١٥٨) بە هەڵە تۆمارکراوەو کراوە بە (منیش

حەماڵبووم) وەك ووشەی حەماڵ لای کاك حوسین مرادفی هەژاربێتو تەنانەت ئەو دەسەڵاتەیشی ببێ کە ناوی چیرۆکی کەسانیتر بگۆڕێت • بۆ چیرۆکی (هێزی برسێتی) ساجد ئاوارە (ل١٠٢) وایدەرخستووە کە لە گۆڤاری هیوای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٥٧)دا بڵاوکراوەتەوە کەوانییەو لە ژمارە (١٠)ی ساڵی یەکەمی نیسانی (١٩٥٨)دا چاپکراوە • بۆ چیرۆکی (لەتێ نانو شیشی کەباب) (ل١٠٢)هەر زۆر درشتی پێوەدیارەو ئەڵێ لە گۆڤاری بڵێسەی ژمارە (٥)ی کانوونی یەکەمی (١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەوی ڕاستیبێ ئەم چیرۆکە فڕی بەسەر بڵێسەوە نییەو لە هیوای ژمارە(٦ ، ٧)ی ساڵی دووەمی مانگی کانوونی دووەمی (١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە • چیرۆکی لە (لە پێناوی نانا) (ل١٠٤) وای نیشانداوە کە لە بڵێسەی ژمارە (٧)دا بڵاوکراوەتەوە کە ڕاستییەکەی ژمارە (٩)ی نیسانی (١٩٦٠)ە • بۆ چیرۆکەکەی شێخ مارفی بەرزنجەیی (ل١٠٥) ئەڵێ (نامەیەك لەسەر سنوورەوە) کە ڕاستییەکەی (نامەی سەر سنوورە) چیرۆکی (نامەیەك بۆ بەندیخانە)ی مەم (ل١٠٦)وای داناوە کە لە (هەتاو)ی ژمارە (١٣٢)ی ساڵی(١٩٥٨)دا

بلاوکراوەتەوە کــە ڕاستی یەکـــەی هیوای ژمارە (١١ ، ١٢)ی ســـاڵی (٢)ی حوزەیرانو تەمووزی (١٩٥٩)یە ، (ئەنجامی کچ فرۆشن) یەکەی ڕەئووف بێ گەرد (ل١٠٥)وای دەرخستووە کە لە (هەتاو)ی (٨٧)ی ساڵی (١٩٥٧)دایە کە لە ڕاستی‌دا لـــە ژمارە (١٣٢)ی مایسی ١٩٥٨)دا بلاوکراوەتەوە ، لـــە (ل١٢٨) دا بەتـــەواوی خۆی لە جیهـــانی ڕۆشنبیری وێل کردووەو ئـــەڵێ زۆر گەڕام بـــۆم ساغ نەبووەوە کە (ژیل) کێ یـــە ، بەلام وابزانـــم ئەوەی چوارچار لاپەرەی چاپەمەنی یەکانی پێشووی هەڵدابێتەوە ئەزانێ کە (محەمەد ساڵح دیلان)ە بۆ ئەم مەبەستەیش ئەڵێم کە ئەمە حاڵی وورد بینـــی کاك حوسێن بێ ئاخۆ ئەو بیبلیۆگرافیایەی کـــە ساڵێك لەمەوبەر داویەتی بە کۆری زانیاری ئەبێ لە چ گێژاوێکدا بخولێتەوەو چەندەهـــا هەڵـــەی سەرەکی تێ کەوتبێ ؟ جا ئەگـــەر کۆڕ مەبەستیان چاپکردنە ئـــەوا بێ تەتەڵە نەی خەنە بـــەردەست خوێندەواران چونکە کورد ئەڵێ شـــەنە لە مەنـــە کەمتر نی یە ٠٠

٦ ـ لەم بەشەدا زۆر نووسەر لەیادکراوەو ئاوڕیان لێ نـــەدراوەتەوە ٠ لەگـــەڵ ئەوەیشـــدا

کەدەورێکی کاریگەریان گێڕاوە لەبەرەوپێشچوونی ئەم هونەرەدا وەك (حەسەنی قزلجی) کە خاوەن بەهرەو تاقیکردنەوەیێکی دەولەمەندە ، لە ڕووی تەمەنو پێگەیشتنی ئەدەبیشەوە ئەچێتە ڕیزی نووسەرانی گەلاوێژ ... بەلام لە ڕووی بلاوکردنەوەی چیرۆکەوە پلەیێك لە دوای ئەو قۆناخەدا دەستی پێکردووە ، چیرۆکی (نوشتەکەی ئامینە خان) کە ساڵی ۱۹٦۰ بلاوی کردەوە پێویستی بە قەلەمی لەبارهەیەبۆ بەسەر کردنەوەی ، دەتوانین بە نووسەرێکی وایدابنێین کە ڕۆژگارو سەردەمی گەلاوێژ بە پلەی دوای ئەوەوە گرێ ئەدات‌و ژیانی زەحمەتکێشانی کورد لەسەرجەم بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە ، یان (جەلال مەحموود عەلی)کە لە نووسەرە چالاکەکانی ئەم سەردەمەیەو لە لێکۆلینەوەکەدا بە ووشەیێك پەنجەی بۆ ڕانەکێشراوە ، لەگەل ئەوەیشدا کە یەکەم چیرۆکی بەناونیشانی (جەرگی دلدار) بلاوکردووەتەوە ، لە ژمارە(۲۲)ی ڕۆژی(۲۰)ی شوباتی ۱۹٥٥ بە سێ زنجیرە کە چیرۆکێکی ڕەمزی‌یەو بە شێوەیێکی ڕەوان تالی مەبەستەکان چنراوە(٤١) ، ساڵی (۱۹٦۰)یش بە کتێبی (فرە وەگیانم خۆشە)(٤٢) سێ کورتە چیرۆکی

خسته‌به‌رده‌ست خوێنـــده‌واران ، له ڕوخسـارو ناوه‌روكیش‌دا زۆر له‌وانه له پێشترن كه نووسه‌ر چه‌ند لاپه‌ره‌یێكی بۆ ته‌رخان‌كردوون ، له كاتـــی خۆی‌دا ڕه‌خنه‌گر (عه‌بدولره‌زاق بیمار)ڕای وابووه كه (ئه‌م سێ چیرۆكـه‌ی جـــه‌لال مه‌حموود كـــه پێك‌هاتوون لــه چیرۆكی خاكـــه‌رو ، بێگانه‌یێكی چه‌تاوه‌رو ، فره وه‌گیانم خۆشه ، سێ په‌ل‌كوتین‌و هه‌وڵدانی به جه‌رگانه‌ن له‌مه‌یانی چیرۆك‌دا)(٤٣) •

٧ ـ له‌م كتێبه‌دا باس له چه‌ند به‌رهه‌مێـك كراوه كه په‌یوه‌ندی‌یان به مێژووی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ی نووسه‌ره‌وه نی‌یه‌و به خه‌یاڵ په‌ڕیونه‌ته ناوی وه‌ك له (ل١٠٧)دا سێ چیرۆكـی شێخ مارفی به‌رزنجی (١٩٢٠ـ١٩٦٣/٦/٢٣) هێناوه كـــه بریتین لـــه (گای پیرۆزو نامـــه‌ی سه‌رسنوورو شه‌تل) كـــه هه‌موویان له بلاوكراوه‌كانی ساڵی (١٩٦١)ن‌و ئیتر تێ ناگه‌م چۆن وه‌ك مه‌ری ئاوه‌كی سه‌ریان كێشاوه‌ته ژێر خیوه‌تی باسه‌كه‌ی نووسه‌ره‌وه •

٨ ـ نووسه‌ر به جۆرێكی ســـه‌رنج‌راكێش بایه‌خێكی تـــه‌واوی بـــه ده‌ستیاوو مه‌سه‌لـــه‌ی دۆستایه‌تی‌داوه ، له بابه‌تی وای كۆڵیوه‌ته‌وه كـــه

نەك چیرۆك نین بەڵكو بە پارچەنووسینێكی سادەیش ناژمێررێ كە بەمەیش بڕستی باسەكەی بڕیوە ، لەگەڵ ئەوەیشدا چیرۆكە سەركەوتووەكان ئەو بایەخەیان پێ نەدراوە •

## چەپكێ سەرنجی‌تر :

١ ــ هەموو باسێكی زانستی‌یانەی باوەڕپێكراو پێویستە پشت ببەستێ بە كۆمەڵە كتێب و سەرچاوەیەكی ئەوتۆوە كە پاڵپشتی نووسەربن بۆ دەربڕینی بیروڕایەكانی ، ئەمەیش زیاتر بەرگێكی هاوچەرخ و زانستی‌یانە ئەكاتە بەرباسەكە ، بەڵام كاك حوسێن لەم لێكۆڵینەوەیەدا ئەم لایەنەی كە لاخستووە ، جگە لە كتێبی (الواقعية في الادب الكردي) كە لە زۆر شوێندا بەبێ موناسەبەیش بەكاری هێناوە ئیتر بیری بەلای شتی‌تردا نەچووە ، لەلایێكی‌ترەوە لە لێكۆڵینەوەی زانستی‌دا پێویستە ئەو سەرچاوانە بە چ زمانێك بوو هەربەو جۆرە بنووسرێت و پێویستی بە وەرگێڕان نی‌یە كەچی نووسەر بە (ریالیزم لە ئەدەبی كوردی)دا ناوی بردووە ، جگەلەمەیش پەنجەی بۆ لاپەڕەكان درێژ نەكردووەو لە

(ل٦٧)دا تەنها ناوی کتێبەکەی بردووە ٠٠٠جاگەر خوێندەوارێك ویستی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی ئەبێ هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەی دکتۆر عیزەدین بخوێنێتەوە تاکوو ئەو دێڕە ئەدۆزێتەوە ٠ لە (ل ١٧٩)یشدا کتێبی (مەمو زین) کراوە بە سەرچاوە کەچی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە یەك حەرف باس نەکراوەو نازانم چۆن تیهەڵکێشی سەرچاوەکان کراوە ٠٠

٢ ـ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە لایەن نووسەرەوە سەیر کراون گۆڤاری (پەیام)و ڕۆژنامەی (هەولێر)یان تیا نی‌یە کە هەریەکەیان چیرۆکی کوردی‌یان بڵاوکردووەتەوە ، بۆ وێنە (ڕەفیق چالاك) بە نازناوی (ڕابەر) زنجیرەییێك چیرۆکی لە (پەیام)دا خستە بەرچاوی خوێندەواران کە یەکێك لەوانە چیرۆکی (بیرەوەری)یەو لە ژمارە (٢٥٣)ی ڕۆژی (٢)ی ئابی ١٩٥٤ی (پەیام)دا بڵاوکراوەتەوە ٠

٣ ـ لە (ل١٧٧)دا نووسەر ناوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی نووسیوە کە سوودی لێوەرگرتوونو لە دەستگا ڕۆشنبیری‌یەکاندا

دەست ئەکەون ، لە ناویاندا ڕۆژنامەی (بانگــــی
کوردستان) هاتووە ، ئەوەی شایانی باسە کــــە
ئەم ڕۆژنامــەیــە (١٧)ژمـــارەی لێدەرچووە ، تا
ژمارە(١٤) ڕەنگە لە هەندێ دەستگای ڕۆشنبیری
دەست بکەون بەلام سێ ژمارەکەی دوایی هەوڵی
ئەدیبو ڕۆژنامــــەنووس (جەمـال خەزنــــەدار)
کۆکراونەتەوەو دەست ناکەون ••• ناوبراویش لە
ساڵی(١٩٧٤)دا وەك یەکێـــك لە بڵاوکراوەکانی
بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی لە چاپی‌دایەوە ،
جا کە نووسەر هەموو ژمارەکانی بەسەرچاوەداناوە
••• ئەو سێ‌ژمارەیەی دوایی لە کوێ بوو ، ئایا
وەك ئەمانەتێکی زانستی هــەق نەبوو پەنجە بۆ
کارەکەی ( جەمال خەزنەدار درێژ بکرایەو بـــە
چەشنی سەرچاوەیێك تۆمـار بکرایە ؟ جاگـــەر
نووسەر نکولی ئــەکا ئەو شوێنەمان بۆ دەربخـات
کە ئـــەم سێ ژمارەیەی تیا پارێزراوە ، بــەلام
وائەزانم کە کاك حوسین زۆر بەتەنگ ئەمانەتـــی
زانستی‌یەوە نەبێت ، تەنانەت ساڵی (١٩٥٧) کــە
کتێبی (کامەرانو هۆنراوەی نوێ)ی نووسی ، لــە
(ل١٥ـ١٦)دا کـــە باسی داهاتنی شیعر ئەکـات
لەســـەرەتای ژیــانی ئادەمیزادەوە کوتومـــتو
بێدەســـتکاری لــە ژمارە (٣)ی ساڵی(١٩٥٧)ی

گۆڤاری (الاداب)ەوە وەرگرتبوو ••• تەنها یەك ووشەیشی نەخستبووەسەرو ناوی سەرچاوەکەیشی نەبردبوو •••لە گۆڤارەکەیشدا پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشراوە کە لە کتیبی
( Marxism and poetry )
جۆرج تۆمسن وەرگیراوە •••بەڵام ئەمەیش لە کاتی خۆیدا بەسەر خوێندەواراندا تێنەپەڕیو (عەبدولرەزاق بیمار) دەستی خستەڕوو لە ژمارە (١٥)ی حوزەیرانی (١٩٥٨)ی گۆڤاری پێشکەوتندا •

٤ ـ نووسەر لە سەرجەم کتێبەکەیدا ڕێنووس‌و گرامەری زمانی کوردی لە گرێژەنەبردووەو بە چەشنی ڕێبوارێکی نەشارەزا ملی ناوە کە من لەم بارەیەوە نادوێم هیوادارم کە قەڵەمێکی شارەزا مافی خۆی بداتێ •••

## پەراوێزەکان :

(١) بلێسە ژمارە (٩) نیسانی ١٩٦٠ ، ژمارە (١٠) مایسی ١٩٦٠ .

(٢) لە ساڵی (١٩٢٠)دا ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە لە سلێمانی دەرئەچوو گرەوێکی ڕێکخست بۆ چەند پارچەیێکی ئەدەبی کە خاوەنەکەی بە کوردیێیکی ڕەوان مەبەستەکەی دەربڕێو سێ پاداشیش دانرا ٠٠٠لە ئەنجامدا شێخ نووری شێخ ساڵح(١٨٩٦ ـ ١٩٥٨/١٢/٢٠) بە شیعری (جووتو گا شتێکی چاکە) پلەی یەکەمی وەرگرت ، مستەفا سائب بە پەخشانی (بۆچروك)و جەمیل سائب بە پەخشانی (ڕۆژەوەبوونێك) پلەی دووەمو سێیەمیان وەرگرت . (جەمال بابان)یش بۆ جاری دووەم ئەم بابەتانەی ساڵی ١٩٧٤ لە ژمارەکانی (٣٣ـ٣٤ـ٣٥)ی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوکردەوە .

(٣) دکتور عیزەوین مستەفا ڕەسوول ـئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ـ ١٩٧٠ (ل١٠) .

(٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە ٠

(٥) چیرۆکی هونەری کوردی لاپەڕە(٧) ٠

(٦) سەرچاوەی پێشوو (ل١٥) ٠

(٧) هەرئەو (ل١٦) ٠

(٨) هەرئەو (ل٢٣) ٠

(٩) عبدالاله احمد ـ نشأة القصة وتطورها في العراق ـ بغداد ١٩٦٩ ص٤٠ ٠

(١٠) ساڵی(١٩٠٣)جەلال نووری کە یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی تورکیا ئەم باسەی لە کتێبی (تەئریخی استقبال)دا نووسیوە ، لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە(٩ـ١٠) ساڵی(٩)ی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ لە لایەن (ع٠ع)ناوێکەوە کراوە بە کوردی ، جارێکی تریش عەقیدی خوالێخۆشبوو (عەبدولقادر بەرزنجی) لەگەڵ سەرەتاییکی کورتا بلاوی کردەوە بڕوانە (شەفەق) ژمارە(٢)ساڵی (٢) نیسانی ١٩٦٠ ٠

(١١) عبدالاله احمد ـ نشأة القصة ١٩٦٩ ص٣٩ ٠

(١٢) چیرۆکی هونەری کوردی (ل٤٠) ٠

(١٣) سەرەتای دوانزە سوارەی مەریوان – سلێمانی ١٩٣٥ ٠

(١٤) سەرچاوەی پێشووتر (ل٤٢) ٠

(١٥) ل ٤٤ ٠

(١٦) ل ١١ ٠

(١٧) بڵێسە – ژمارە (١٠)لاپەڕە(٨) ٠

(١٨) چیرۆکی هونەری (ل٧٠) ٠

(١٩) گەلاوێژ – ژ٢شوباتی ١٩٤٦ ٠

(٢٠) گەلاوێژ – ژ ٧ ،٨ تەمووزو ئابی ١٩٤٢ ٠

(٢١) گەلاوێژ – ژ ٩ ، ١٠ ئەیلوول – کانوونی‌یەکەمی ١٩٤١ ٠

(٢٢) گەلاوێژ – ژ ٢ کانوونی‌دووەمی ١٩٤٠

(٢٣) چیرۆکی هونەری (ل٧٣) ٠

(٢٤) لاپەرە (٨١) ٠

(٢٥) لاپەرە (١١٥) ٠

(٢٦) الدكتور عزالدين مصطفى رسـول ـ الواقعية في الادب الكردي ـ ١٩٦٦ ص١٩١ ٠

(٢٧) چیرۆکی هونەری (ل١٠٢) ٠

(٢٨) گۆڤاری هیوا (١٠) نیســـانی ١٩٥٨ لاپەڕە (٦٨) ٠

(٢٩) چیرۆکی هونەری (ل ١٠٦) ٠

(٣٠) فاضل ثامر ـ معالم جديدة في ادبنـــا المعاصر ـ ١٩٧٥ ص ٣٦ـ٣٧ ٠

(٣١) بلێسە ژ ١٠ ئابی ١٩٥٩ ٠

(٣٢) بلێسە ژ ٥ کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ ٠

(٣٣) کتێبی لە کۆڕی خــەباتا ـ سلێمانی ١٩٥٩ ٠

(٣٤) هەمان سەرچاوە ٠

(٣٥) هەمان سەرچاوە ٠

(٣٦) الواقعية في الادب الكردي ص ١٥٢ ٠

(٣٧) لە کۆڕی خەباتا (ل ١٠) ٠

(٣٨) ڕۆشنبیری نوی ـ ژمارە (٦٣) ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ ٠

(٣٩) چیرۆکی جوان ـ سلیمانی ١٩٦٠ لاپەڕە (٩) ٠

(٤٠) هەمان سەرچاوە (ل ٣٧) ٠

(٤١) نووسەر ئەم چیرۆکەی بەناز ناوی (ج٠ع) بلاوکردووەتەوە ٠

(٤٢) فرە وەکیانم خۆشە ـ بەغداد ـ چاپخانەی ئیرشاد ١٩٦٠٠

(٤٣) هیوا ـ ژمارە (٣٣) سالی ٥ تەمووزی ١٩٦١ لاپەڕە (٥٣) ٠

- سالی ١٩٤٦ له بەرزنجە لەدایك بووه ..
- ئێستا مامۆستایه له بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی ..
- له زوربەی ڕۆژنامەو گۆڤاره کوردیيەکانی وەك (پێشکەوتن ، بروا ، دەنگی کورد ، هەتاو ، ژین ، هیوای کوردستان ، دەفتەری کوردەواری ، برایەتی ، ڕۆژی کوردستان ، نووسەری کورد ، هەولێر ، بیری نوێ ، بەیان ، عیراق)دا به زمانی کوردیو عەرەبی بەرهەمی بلاوکردووەتەوە .

لەسەر ئەرکو لەژێر چاودێریی

خاوەنی

دەفتەری کوردەواری

لە چاپدراوە

لە چاپخانەی عەلاء لە چاپدراوە
ت : ٢٤٩١٥

بەغدا ١٩٧٨

نرخی « ١٣٠ » فلسە